
لە ڕێژی ١٠ ئەم مانگەوە گەنم لە جوتیارانی هەرێم وەردەگیرێت



ڕێژی هەینی ،وەزارەتی بازرگانی عیراق رایگەیاند، زیاتر لە سێ ملیۆن تەن گەنمیان لە جوتیارانی باشور و ناوەڕاستی عیراق وەرگرتووە و لە ڕێژی ١٠ ئەم مانگەوە گەنمی جوتیارانی هەرێم وەردەگرن.

 حەیدەر نوری گەرعاوی، بەڕێوەبەری گشتی بازرگانی دانەوێڵە لە وەزارەتی بازرگانی عێراق بە ئاژانسی هەواڵی فەرمی ڕاگەیاند، وەزارەتی بازرگانی پێشبینی دەکات بەرهەمی وەرگیراوی ئەمساڵ بگاتە چوار بۆ پێنج ملیۆن تەن گەنم، تاوەکو ئێستاش زیاتر لە سێ ملیۆن تەن گەنم وەرگیراوە.

ئاماژەی بۆشکرد، وەرگرتنی گەنم لە پارێزگاکانی باشور و ناوەڕاست کۆتاییهاتووە، تەنها لە چەند ناوچەیەک نەبێت کە بەهۆی چاوەڕوانی بارهەڵگرەکانەوە وەرنەگیراوە، بەوهیوەی ئەگەری هەیە وادەی وەرگرتنی گەنم تا ٩ی ئەم مانگە نوێ بکەنەوە.

باسی لەوەشکرد، لە ئێستادا وەرگرتنی گەنم لە پارێزگاکانی بەغدا، ئەنبار، سەڵاحەدین، دیالە، کەرکوک و نەینەوا بەردەوامە، لە هەمانکاتدا لە هەر سێ پارێزگاکەی هەرێم، لە ڕێژی ١٠ی حوزەیران

دەستدەکەن بە وەرگرتنی گەنم.

ئەوەشیخستەووە، وەزارەتی بازرگانی بە زیادکردنی توانای کەگاکردن، ئامادەکاری تەواوی بە وەرزی دروێنە کردووە، بۆ ئەمساڵ سێ ملیۆن و ٤٠٠ هەزار تەن وەرگیراوە، دوو ملیۆن تەنی ساڵی رابردووش ماوە، ئەوەش دەگاتە ئاستی خۆبژێوی.